# ( بێوار ) ێک لە ئاوارەییدا

هەواڵنامەی کتێب

ئیسماعیل تەنیا

هۆڵەندا - 2012

# (بێوار)ێک لە ئاوارەییدا

ئیسماعیل تەنیا

هەواڵنامەی کتێب

هۆڵەندا - ڕۆتردام
2012

* ( بێوار ) ێک لە ئاوارەییدا

* ئیسماعیل تەنیا

* کاری هونەری و مۆنتاژ: بافڵ سەرهەنگ

* لە بڵاوکراوەکانی ( بێوار )

* زنجیرەی چاپەمنی : 7

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی ...

ئەم بابەتە، باسێکی گشتگیرە لەسەر بڵاوکراوەی ( **بێوار** )، لە گۆڤاری ( K – 21 )، وەرزی زستانی 2011 دا بڵاودەکرێتەوە. چەند مانگێک پێش ئێستا، دانەیەک لە دەستنووسی بابەتەکەم بۆ هاوڕێ و برای بەڕێزم کاکە ( هیوا سەرهەنگ ) نارد، بەو سیفەتەی ئەو ( **بێوار** ) ی دەرکردووە و کەسی یەکەمی پەیوەندیداریشە.

پاش خوێندنەوەی، دیاربوو بە دڵی بوو، پێشنیاری کردو پێی باشبوو لە نامیلکەیەکی سەربەخۆدا لە هۆڵەندا چاپ و بڵاوی بکاتەوە، چونکە بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە لە فۆڕمی کتێب و نامیلکەدا تەمەن درێژتر دەبێت، دەپارێزرێت و ئاسانتریش دەکەوێتە دەستی شارەزایانی بواری ئەرشیف و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی. پێشنیارەکەی لە جێی خۆی دابوو .. بۆیە لێرەدا، سوپاسی ئەرک و ماندوبوونی دەکەم، هیواداریشم

کارئاسانییەکم کردبێت بۆ ئەو کەسانەی کە خەریکی ساغکردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردین.

**ئیسماعیل تەنیا**

**کانونی دووەمی** 2012

**ئەڵمانیا**

هەواڵنامەی کتێب

# پەیڤێک بۆ ( بێوار ) ێک لە ئاوارەییدا ..

بەتایبەت لە ناوەڕاستی نەوەتەکانەوە، ژمارەیەکی بەرچاو لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردی روویان کردە هەندەران و نیشتەجێبوون.

ئەوێ رۆژێ سەرچاوەکانی زانیاری و پەیوەندی کەم بوون .. هەر وەک ئێستەی ئێنتەرنێت و ماڵپەڕ و فەیسبوک .. تاد نەبوون یان بەربڵاو نەبوون .. هەر بۆیە ئەو بۆشاییە کۆمەڵایەتی و دەروونی و هەستکردن بە نامۆییەی لە ئارادابوون، وایکرد کۆکردنەوە و سەر لە نوێ بەرخوردانەوەی بە تایبەت تواناکانی پێنوسی کوردی و راژەندنی ئازار و ویست و ئارەزووەکانی کۆمەڵی کوردی لە تاراوگە، ببنە کۆمەڵە هۆکاری بابەتی ئەو زەمینە نوێیە و بڵاوکراوەی ( **بێوار** ) ی تێدا بەرهەم بێت، کە بۆ ماوەی ( 12 ) ساڵی تەمەنی رۆژنامەگەریی بە بێ وەستان، کە ئەم تەمەن درێژییە بەردەوامە وایکرد ببێتە بڵاوکراوەیەکی پەسەند و دەگمەن و

هەواڵنامەی کتێب

دیار لە نێو بڵاوکراوە کوردییەکانی تاراوگەدا.
شایانی باسیشە ( **بێوار** ) لە بۆنە نەتەوایەتی و ساڵیادەکانیشیدا توانیویەتی لاپەڕەکانی بە شێوەیەکی قەشەنگتر و ڕەنگین بە چاپ بگەیەنێت.
( **بێوار** ) بە درێژایی تەمەنی هەروەک نووسەران و خوێنەران و دۆستانی لە ساڵیادی دەرچوونیدا ئاماژەیان پێداوە، میوانێکی ئازیزی چاوەڕوانکراوی مانگانەی کوردانی نیشتەجێی وڵاتانی دەرەوەی کوردستان و کەمپەکانی پێشوازی پەنابەران بوو .. تا ئەو ئاستەی ناوی منداڵەکانیان دەنا ( **بێوار**) و بە پێی نامە و پەیوەندییەکانی ئەوێ ڕۆژێ چەندین خوێنەری دۆستی (**بێوار** ) بە پێی ساڵەکان لەبەرگ نراون ولە کتێبخانەکانیاندا هەڵگیراون.
ئەم هەوڵە ئاکادیمیەی نووسەر و شاعیری هێژاش ( **ئیسماعیل تەنیا** ) کە ئەرک و ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیارە، هەر لە کۆکردنەوە و پیاداچوونەوە بە هەموو ژمارەکانی ( **بێوار** )دا و پاشان ڕێکخستن و بە ئامارکردن و بەشبەشکردنی

بەرهەم و بەرهەمدارەکان .. تۆمارکردنێکی سەر لە نوێی بڵاوکراوەی ( **بێوار** ) ە و خزمەتێکی گەورەی ترە بەرامبەرکاروانی رۆژنامەگەریی کوردی لە دەوڵەمەندکردن و پاراستنی سەرچاوەیەکی زانیاری رۆژنامەگەریی رەنگاڵە لە دەرەوەی وڵات.

بەو هیوایەی ئەم هەوڵانەی نووسەر ( **ئیسماعیل تەنیا** ) و هەموو نووسەرانی تری بە توانا بەردەوام بن و جیهانی ئەرشیفی رۆژنامەگەریی کوردی و کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندتر بکەن.

هەوڵنامەی کتێب

**هیوا سەرهەنگ**

2012 / 12 / 15

**هۆڵەندا - رۆتردام**

# ( **بێوار** ) ێک لە ئاوارەییدا ..

**بێوار**.. یەکێک بوو لەو بڵاوکراوە تەمەن درێژو بەردەوامانەی کە لە ئەوروپا و لە وڵاتی ( **هۆڵەندا** ) دا ، دەردەچوو. لە کاتێکدا کە هۆکارەکانی گەیاندن وەک ئەمڕۆ لەبەردەستی تاکی کورددا نەبوو ، ئەو رۆڵێکی گرنگی لە هۆشیار کردنەوە و گەیاندنی هەواڵە کوردییەکان بە پەنابەرانی کورد بینیوە .. ئەمجارەیان لە ژێر چەند کورتە ناونیشانێکدا .. هەوڵدەدەین ئەم بڵاوکراوە بناسێنین بە خوێنەران و ئەرشیفی رۆژنامەگەریی کوردی بناسێنین.

لە ژمارە ( 1 ) ی لاپەڕە یەکدا ( **بێوار** ) وا پێناسە کراوە: بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە **یانەی کوردی لە رۆتردام** " **میدیا** " دەریدەکات. لە لاپەڕە ( 3 ) ی هەمان ژمارەدا جارێکی تر وا پێناسە کراوە :

هەواڵنامەی کتێب

( **بێوار** ) بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی گشتییە مانگی جارێک لەلایەن یانەی کوردی لە رۆتردام " میدیا " دەردەچێ.

سەرپەرشتکار: ( **هیوا سەرهەنگ** ). نرخی یەک خڵدنە.

لە ژمارە ( 7– 8 ) ی جمکدا پێناسەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە لاپەڕە یەکدا نووسراوە: **بڵاوکراوەیەکی مانگانەی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی گشتییە**، مانگی جارێک دەردەچێت.

سەرپەرشتیار: ( **هیوا سەرهەنگ** ). واتە تا ژمارە **شەش**، لەلایەن **یانەی کوردی لە رۆتردام** " **میدیا** " بڵاوکراوەتەوە .. دواتر ( **هیوا سەرهەنگ** ) خۆی دەریکردووە و ناوی یانەی کوردی لەسەر نەماوە.

## ( **بێوار** ) لە دیدی ( **هیوا سەرهەنگ** ) ەوە

لە ژمارە ( 49) و لە لاپەڕە ( 3 ) دا، لە ساڵیادی پێنج ساڵەی " **بێوار**" دا، ( **جەمشید قەرەداخی** ) دیمانەیەکی لەگەڵ ( **هیوا سەرهەنگ** ) کردووە، لە وەڵامی پرسیاری: چۆن بیرتان لە دەرکردنی بێوار کردەوە؟ ناوبراو دەڵێت: پاش گەیشتنم بۆ هۆڵەندا لە پاییزی 1994 و کارکردنم لە یانەی کوردی میدیای رۆتردام و پەیوەندی رۆژانەم بە پەنابەرە کوردەکانەوە، هەستمان کرد کە بوونی رۆژنامە یان گۆڤارێکی کوردی پێداویستییەکی بابەتی سەردەمە و هاوکاتیش هیچ چاپەمەنییەکی کوردی نەدەکەوتە دەستی پەنابەرانی کورد، بۆیە بە چاکمانزانی ئەم مانگنامەیە بە ناوی " **بێوار** " ەوە دەربکەین و توانیمان لە15/ 08 / 1996 دا، یەکەم ژمارەی بڵاوبکەینەوە.

دەربارەی ئامانج لە دەرکردنیشیدا، ( **سەرهەنگ** ) دەڵێت: خزمەتکردنی ووشەی کوردی و پەنابەران لە

هەندەران ئامانجمانە و ئاشتی و تەبایی و خۆشەویستیی و مافی مرۆڤ و بە شارستانی کردنی کۆمەڵگەی کوردەواریش ڕێبازمانە ... هەروەها دەڵێت: زۆربەی وتاری " **بێوار** " ڕاستگۆیانە لەسەر ئاشتییە و هێندەی توانیبێتمان هێنانەوەی بەهانەی شەڕی ناوخۆمان تیا ڕسوا کردووە. وەک مافێکی مرۆڤ ویستوومانە لە خەڵکی بگەیەنین تاکە ڕێگەی ئاسوودەیی و ئارامی و پێشکەوتن ئاشتییە و، پێچەوانەی ئەمە چەواشەکردنی خەڵکی کوردە و هەموو بەهانەیەکی شەڕ جۆرێکە لە چەوساندنەوەی مرۆڤی کورد .. نەمانویستووە میدیایەکی هاندەری شەڕ بین .. دەربارەی سنووری جوگرافیای بڵاوبوونەوەی " **بێوار**" یش، ناوبراو دەڵێت: ئەمڕۆ " **بێوار** " دەگاتە وڵاتانی ئەورووپا، ئەمریکا، کەندا، ڕوسیا .. تاد، دیارە دەگاتە ناو کوردستانیش بەڵام بە ژمارەیەکی کەم.

هەولنامەی کتێب

# ژمارەی لاپەڕەکانی " بێوار "

* یەکەم ژمارەی ساڵی یەکەمی بە چوار لاپەڕەی ( A4 )، { 30 x 21 } سم، لە 15 / 08 / 1996 دا دەرچووە.

* ژمارە ( 126 –127) ی جمک ، ساڵی دوازدەهەم بە ( 16) لاپەڕە لە ئاب و ئەیلولی 2007 دا دەرچووە.

* لە ماوەی 11 ساڵ و یەک مانگدا، ( 127 ) ژمارەی لە ( 95 ) بەرگدا دەرچووە.

* لە ژمارە ( 1 ) تاوەکو ژمارە ( 5 – 6 ) ی بە چوار لاپەڕەدا دەرچووە.

* ژمارە ( 7 – 8 ) ی لە یەک بەرگدا بە شەش لاپەڕەدا دەرچووا.

* لە ژمارە ( 9 – 10 ) ەوە، تا ژمارە ( 19 ) ی ساڵی دووەمی بە هەشت لاپەڕە دەرچووە.

* لە ژمارە ( 20 ) ی ساڵی دووەم، ئازاری(1998 ) ەوە، تاوەکو ژمارە ( 32 ) ی ساڵی سێیەمی، ئازاری ( 1999 ) بە دوانزە لاپەڕە دەرچووە.

هەواڵنامەی کتێب

* ژمارە ( 33) ی بە شانزە لاپەڕە دەرچووە.
* ژمارە ( 34) ی بە دوازدە لاپەڕە دەرچووە.
* ژمارە ( 35) ی بە هەشت لاپەڕە دەرچووە.
* ژمارە ( 36 ) ی بە دوازدە لاپەڕە دەرچووە.
* لە ژمارە ( 37)، ساڵی چوارەم، / 08 / 1999 05ەوە تاوەکو ژمارە ( 51 – 52 ) ی ساڵی پێنجەم، تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی 2000 بە شانزدە لاپەڕە دەرچووە.
* ژمارە ( 53 ) ی ساڵی پێنجەم، کانونی یەکەمی 2000 بە چواردە لاپەڕە دەرچووە.
* لە ژمارە ( 54 )، ساڵی پێنجەم، کانوونی دووەم، 2001 ەوە تاوەکو ژمارە ( 56 )، ساڵی پێنجەم، ئازاری 2001 بە شازدە لاپەڕە دەرچووە.
* ژمارە ( 57 ) ی ساڵی پێنجەم، نیسانی 2001 بە بیست لاپەڕە دەرچووە.
* لە ژمارە ( 58 – 59 ) ساڵی پێنجەم، مایس و حوزەیرانی 2001 ەوە تاوەکو دوا ژمارە ( 126 – 127 ) ساڵی دوازدەهەم ئاب و ئەیلولی 2007، بە شازدە لاپەڕە دەرچووە.

هەواڵنامەی کتێب

* پێنج بەرگی بە چوار لاپەڕە دەرچووە.
* یەک بەرگی بە شەش لاپەڕە دەرچووە.
* دە بەرگی بە هەشت لاپەڕە دەرچووە.
* سێزدە بەرگی بە دوازدە لاپەڕە دەرچووە.
* یەک بەرگی بە چواردە لاپەڕە دەرچووە.
* ( 64 ) بەرگی بە شازدە لاپەڕە دەرچووە.
* یەک بەرگی بە بیست لاپەڕە دەرچووە.
* هەر ( 127 ) ژمارەکە، هەمووی بەسەریەکەوە، ژمارەی لاپەڕەکانی بریتیە لە ( 1320 ) هەزار و سێ سەد و بیست لاپەڕەی قەبارەی ( A4 ).

هەواڵنامەی کتێب

# نووسەرەکانی " **بێوار**"

( 279 ) دووسەد و حەفتا و نۆ نووسەر، ڕۆژنامەنووس، شاعیر و هەوادارى نووسین و خوێندنەوە، بابەتیان لە " **بێوار** "دا بڵاوکردۆتەوە. هەندێکیان بە درێژایی دەرچوونی " **بێوار** "، دانەبڕاون لە بڵاوکردنەوە ... بە پێچەوانەوەش هەندێکی تریان یەک یان دوو بابەتیان

هەواڵنامەی کتێب



محەمەد جەزا بەرزنجی



هیوا سەرهەنگ




د. جەمیل شەڕەف

بڵاوکردۆتەوە، دواتر دابڕاون و پایدۆزیان لێکردووە. نووسەر و ڕۆژنامەنووسە هەرە چالاک و

پڕ بەرهەمەکانی " **بێوار** " بریتین لە ( **محەمەد جەزا بەرزنجی، سالار حەمە سوور باسیرە** ) کە هەر یەکەیان ( 47 ) بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە و بە پلەی یەکەم دێن، لە رووی زۆری بڵاوکردنەوە. دوای ئەوانیش ( **رەهبەر سەید برایم بەرزنجی** ) بە پلەی دووەم دێت کە ( 46 ) بابەتی تێدا


رەهبەر سەید برایم بەرزنجی


د.سالار حەمەسور باسیرە


جەوهەر کرمانج

بڵاوکردۆتەوە .. ( **کامەران ئەحمەد سلێمان** )، بە پلەی سێیەم دێت کە بە ( 45 ) بابەت و هەواڵ و راپۆرتە هەواڵ، وەک پەیامنێرێکی چالاکی " **بێوار** " بەشداری تێدا کردووە. دوای ئەوانیش

( **جەوهەر کرمانج** ) بە پلەی چوارەم دێت کە ( 43 ) بابەتی بڵاوکردۆتەوە.

لە " **بێوار** " دا کۆمەڵیک کورتە شیعری شاعیرانی کۆچکردووی کوردیش بڵاوکراونەتەوە، نموونەی (مەلای جزیری، نالی، مەحوی، بێکەس، شێخ نوری شێخ سالح، دڵدار، گۆران، بەختیار زێوەر، سەید کاملی ئیمامی، زێوەر، هێمن موکریانی، محەمەد تۆفیق وردی، حەسیب قەرەداخی، ئەخۆڵ، دیلان و حەمدون .. ).

هەروەها کۆمەڵێک نووسین و شیعری نووسەر و شاعیرانی کوردیش لە سەرچاوەی ترەوە گواستراونەتەوە و سەر لە نوێ بڵاوکراونەتەوە، نموونەی ( فەرەیدوون عەلی ئەمین، یاسین قادر بەرزنجی، مام جەلال، هادی عەلەوی، برایم ئەحمەد، هۆشیار بەرزنجی، تاهیر سالح سەعید، حەمە رەحیم رەمەزان و یوسف شەریف ..).

قەڵەمی ژن، شوێنێکی بەرچاوی لە پانتایی " **بێوار** " دا داگیرکردوە، چەندان نووسەری چالاک و خاوەن ئەزموون، هەندێکی تریشیان تازە

هەواڵنامەی کتێب

دەستپێکردوو، بابەتەکانیان لەم بڵاوکراوەیەدا بڵاوکردۆتەوە. ( 34 ) قەڵەمی مێینە بابەتیان لە " **بێوار** "دا بڵاوکردۆتەوە، کە بریتین لە ( بێریڤان جەمال حەمەسەعید ، ڤیان بێتوشی، ئاڤان عەلی مەحمود، دایکی بڕوا، کانیاو هەولێری، سەباحەت تاهیر، دڵسۆز حەمە، ، شەهێن، کەڤان شێرزاد هەینی، ڤینۆس فایەق، ناهیدە رەشیدیان، گەشبین بەرزنجی، نیگار، ناز ئازاد مەریوان ، شەمام شەوقی، پەیمان سەرهەنگ، کاڵێ، رەزێ تاقانە،

هەواڵنامەی کتێب



سەردار فەتاح ئەمین




بێریڤان جەمال حەمەسەعید



ئیسماعیل تەنیا

سایە، جوان ناسح بابان، لاڤە فەرهاد، رۆزا حەمەساڵح، کەژاڵ ئەحمەد، جوان عومەر، نارین

کامەڕان، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، سارا فەقێ خدر، کەژاڵ عەلی، بانوو بەرزان، نەسرین عەباس، ژیلا، سەمیرە محەمەدعەلی، باخچە محەمەد و نیشتمان کەرکوکی ).



کامەڕان ئەحمەد سلێمان



بەختیار بەکر



بافڵ سەرهەنگ

هەواڵنامەی کتێب

# نووسەرەکان و ژمارەی بابەتە بڵاوکراوەکانیان

لە ژێر سەردێڕی ئەم مانشێتە فەرعیەدا، هەوڵدەدەین بە پێی ژمارەی بابەتە بڵاوکراوەکانیان، نووسەرەکان پۆلێن بکەین و دەستنیشانی ژمارەی نووسینەکانیان بکەین:

1– محەمەد جەزا بەرزنجی، د. سالار حەمەسوور باسیرە، هەر یەکەیان ( 47 ) بابەتیان بڵاو کردۆتەوە کە بە پڕ بەرهەمترین نووسەرانی " بێوار " لە قەڵەم دەدرێن.

2 – ڕەهبەر سەید برایم بەرزنجی، ( 46 ) بابەت و کامەڕان ئەحمەد سلێمان بە ( 45 ) بابەت و جەوهەر کرمانج بە ( 43 ) بابەت تیا بڵاوکردۆتەوە.

3 – خاڵە بەکر ( 34)، د. جەمیل شەڕەف و سەردار فەتاح ئەمین ( 28 )، هیوا گەردی ( 26 )، عەلی بچکۆڵ ( 22 )، بافڵ سەرهەنگ ( 20 )، رزگار کەوڵۆسی ( 18 )، بێریڤان جەمال حەمەسەعید ( 17)، مەهدی کاوانی ( 15)، بورهان

هەواڵنامەی کتێب

پاکی ( 14 )، شێرزاد هەینی، نزار خەیلانی، د. نوری تاڵەبانی، ئیسماعیل تەنیا، سەردار مەحمود حەمە مورادی ( سەردار دەربەندیخانی )، هەر یەکەیان ( 13 ) بابەتیان بڵاوکردۆتەوە .. برایمی مەجید پور، شەفیقی حاجی خدر ( شەفیق گرتکی ) (12) بابەت، عارف عومەر گوڵ، جەمشید قەرەداخی، شێرکۆ شێخ نوری، شێرکۆ بێکەس ( 11 ) بابەت، پەیمان سەرهەنگ، کەمال شێروانی، شەهێن ( 10 ) بابەت، لەتیف هەڵمەت، سیروان مەحمود، ڤینۆس فایەق، سیروان مارف، کەمال سەرگەڵۆیی ( 9 )، ساڵح محەمەدئەمین، ئازاد سماقوڵی ( 8 ) بابەتیان بڵاوکردۆتەوە.


4 – جەلال بەرزنجی، د. مارف عومەر گوڵ، خالید مەجید فەرەج، ساڵح بێچار ( 7 )، کاروان عەلی بچکۆل، سەباحەت تاهیر، سەردار میران، عومەر رەسوڵ، جەمال مەلا قەرە( 6 )، بێکەس، د. موەفەق دەرگەڵەیی، هۆشیار بەرزنجی، یاد ئەمین، دانا هەڵەبجەیی، ئاوات حەسەن ئەمین، یاسین

هەواڵنامەی کتێب

فەقێ سەعی، خالید رەسول، نەسرین عەباس ( 5 ) بابەتیان بڵاکردۆتەوە.



عەلی بچکۆل



شێرزاد هەینی



ڤینۆس فایەق

هەواڵنامەی کتێب

5 – محەمەد جەزا زەنگەنە، محەمەد فەتحوڵڵا، گۆران، سەردار مورادی، دانا میرزا، کاوە خوسرەوی، مستەفا ئیسماعیل، یاسین قادر بەرزنجی، خالید دلێر، سیروان مەجید فەرەج، فەرید زامدار، تاهیر ساڵح سەعید، ئارام هەڵەبجەیی، خەسرەو پیرباڵ، عەبدولموئمین دەشتی، بەختیار بەکر، هەر یەکە و چوار بابەتیان بڵاوکردۆتەوە. هەروەها باوکی رەندی، ئەنجام بەرزنجی، هیوا محەمەد، یاسین خێڵانی، دیلان،

جەمال خەمبار، لالۆ، هۆبە گوڵ، کاروان کاوانی، مەریوان ئازاد، ئاڤان عەلی مەحمود، کەڤان شێرزاد هەینی، ئیبراهیم جەلال، حەمە تایەر مەحمود گوڵانی، ئەژی ئازاد، رابەر مەحمود، نزار قەبانی، سایە، جوان ناسح بابان، جوان عومەر، عەبدوڵڵا سەراج، نارین کامەڕان و تاهیر کاکۆ هەر یەکەیان سێ بابەتیان بڵاوکردۆتەوە.


مەهدی کاوانی


خاڵە بەکر


شەفیق گرتکی

6- ئەم نووسەرانەش هەر یەکە و دوو بابەتیان بڵاوکردۆتەوە: باوکی پێشڕەو، رزگار کۆیی، باخچە محەمەد، ڤیان بێتوشی، ئاراس کەمال، عەبدولخالق کەریم بەرزنجی، دڵسۆز حەمە، ئەمیر حەسەن ئیبراهیم، رامان بەرزنجی، عەبدوڵڵا


سلێمان مەشخەڵ، جەعفەر سابیر رەباتی، فەرەیدون عەلی ئەمین، مستەفا شەڵماشی، نەوزاد، رەڤەند دهۆکی، نالی، دیدەن سەید برایم، حەمە بەرزنجی، سەفوەت رەشید سدقی، ناهیدە رەشیدیان، گەشبین بەرزنجی، فریاد رواندزی،



پەیمان سەرهەنگ



سلێمان عەبدوڵڵا یونس



ساڵح محەمەدئەمین

کتێبخانەی هەوالنامە

قادری حوسێنی، نیگار، ساڵح خۆشناو، ناز مەریوان ئازاد، عەباس تۆفیق گورجی، ئارام، بنار ئازاد، قوبادی جەلیزادە، زانا رەئوف، غازی حەسەن، ناسری حوسامی، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، مەلا فەرمان، کارزان کاوانی، هۆزان خۆشناو،

سلێمان عەبدوڵڵا یونس، بەختیار بەکر، ئازاد سۆرانی و هەژار خۆشناو.
7– ئەو نووسەرانەی کە هەر یەکە و بە بابەت یان بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لە " **بێوار** " دا بەشداریان کردووە بریتین لە : ئازاد مەریوان، ڕەفیق سدیق، شیاو، بەهار سمکۆ، شێخ محەمدی خاڵیسی، نەوزاد جەمال، ئەحمەدی عەلیزادە، ڕێژین، شوان عوسمان عەبدوڵڵا، ڕامان ڕەشید، باوکی پۆڵا، کوردۆ ئاوارە، کانیاو هەولێری، سامی شۆڕش، سەهەند ئاسۆ، هێرش هیرانی، مستەفا عەسکەری، ئاکۆ ئەلیاسی، دایکی بڕوا، خالید ئیبراهیم حوسێن، دانا شەدەڵە، حەمید بڵباس، پیرەمێرد، گۆڤەند، پێشڕەو، هانا محەمەد، ویداد خاڵس، عیسا محیەدین ئیبراهیم، جیهان عومەر، دڵدار، باوکی کاڵێ، بەختیار زیوەر، دڵسۆز دڵزار، زیوەر، سەردار عەبدولکەریم، بەهرۆز دەرویش غەفور، زرار عەبدوڵڵا شێواو، قادر ئیبراهیم مینە، سەنگەر بازیانی، شێرزاد شێخانی، فرانک ڕامار، ب. محەمەد، سیراون

هەوارنامەی کتێب

کاروانی، ساڵح کلێسەیی، شوان عوسمان، سەلام سەعید مەولود، ستار بەکرەجۆیی، محەمەد حەمەباقی، مەلای جزیری، مەحوی، سیامەند ئیبراهیم، بێدار جەلال بەرزنجی، حەمدون، پیرۆت گەرمیانی، پەیامنێری بێوار لە کوردستان، بەرزان حەمەخورشید، جوامێر شوانی، جەمشید جەمال، دانا کەرکوکی، حوسێن سەرتەکی، جەواد حەمەد بەگ، مام جەلال ( سەرۆک کۆماری عیراق )، هادی عەلەوی، مەم بورهان قانع، سەرکەوت پێنجوینی، رزگار تاهیر، چاودێریک، شەمام شەوقی، شەپۆل محەمەد سەید قادر، باوکی ژیوار، بێوار، پشتیوان، فەرەیدون عەبدوڵ بەرزنجی، عەباس عەبدوڵڵا یوسف، ئاوات کامیل، کاڵێ، ئەحمەد خوسرەوی، محەمەد تۆفیق وردی، زاگروس جەبار کەریم، سەڵاح مەجید، پێشڕەوی سەید برایمی، رەزێ تاقانە، حەسیب قەرەداخی، هێمن موکریانی، عەزیز ئالانی، محەمەد پاکژ، عەبدوڵڵا ئەحمەد، ئەبو بەکر قەرەداخی، برایم ئەحمەد، لاڤە فەرهاد، رەزا شوان، مەجید دڵنیا، رۆزا حەمە ساڵح، کەژاڵ

ئەحمەد، ئەخۆڵ، ئاگرین کەرکوکی، ئەرین، حەمە ڕەحیم ڕەمەزان، مەحمود ڕەزا، ئاشتی گەرمیانی، ڕەفیق سابیر، بەرزی گەرمیانی، شێروان ڕەحمان حەمە سەعید، قاسم شێروانی، شێخ نوری شێخ ساڵح، زانا هەورامی، نەوزاد عەلی ئەحمەد، لیپۆ، نەسرەدین دەلەوی، شەیدا مەعروف، هێرش هەولێری، عادل مەهدی، جەلال میرزا کەریم، سەپان حەسەن، ئازاد مەریوان، سارا فەقێ خدر، کاردۆخی، عەبدوڵڵا یونس، قادر سەڵح (کاکەڕەش)، دلێر مەحمود سابیر، کەژاڵ عەلی، دڵشاد ڕەشید حەمەدەمین، هەڵۆ جوامێر، بانوو بەرزان، نەوزاد ڕەفعەت، ئامۆ حەسەن، ح.س. سۆران، ڕەنج سەنگاوی، سەردار عەبدوڵڵا، سەروەر ئەحمەد، ژیلا، سەمیرە محەمەد عەلی، سەرکۆ، نیشتمان کەرکوکی، محەمەد گەردی، سەید کامیلی ئیمامی، سیروان بەرزنجی، سەرکێو، موحسین ئاوارە، یوسف شەریف، شەهاب عوسمان، عوسمان عەلی، کارزان کاوسێن، بەرزان وەهاب و سدیق ساڵح عەزیز.

## بابەتەکانی " بێوار"

لەبەر ئەوەی " بێوار " بڵاوکراوەیەکی مانگانە بووە، هەواڵە کۆنەکانی بڵاو نەکردۆتەوە .. زێتر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بابەت داوە. لە سەرجەم ژمارەکانیدا هەشت سەد و حەفتا ( 870 )، بابەتی سیاسی، ئەدەبی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و بیرەوەری بڵاو کردۆتەوە، کە هەندێک لەو بابەتانە، بابەتی کتێب بووینە. بۆ نموونە: شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی– د. نوری تاڵەبانی، شەڕی کەنداو – سالار حەمە سوور باسیرە، بیرەوەرییەکانی د. جەمیل شەرەف– د. جەمیل شەرەف، کورد لە پاکستان – عەلی بچکۆل، لوڕستانی پێشکۆ و پشتکۆ– خالید رەسول و.. تاد، هەندێک بابەتی تر.

هەروەها پێنج سەد و نەوەد و پێنج ( 595 ) هەواڵ و کورتە هەواڵ و راپۆرتە هەواڵی هەمەچەشنی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، جیهانی و کوردستانی بڵاو کردۆتەوە، کە دەکرێت

هەواڵنامەی کتێب

لە دوارۆژدا وەک ئەرشیفێک پشتی پێ ببەسترێ و لە نووسینەوەی مێژوودا سوودیان لێ ببینرێت.

جگە لە بابەت و هەواڵ، " **بێوار** " گرنگی بە بڵاوکردنەوەی چیرۆک و شیعر و پەخشانیش داوە .. کە هەندێکیان خۆماڵی بووینەو هەندێکی تریشیان بابەتی وەرگێڕدراون.

لە " **بێوار** " دا، دوو سەد و شەست و نۆ ( 269 ) پارچە شیعری کورت و درێژ، پەنجاو شەش ( 56 ) چیرۆک کە زۆربەیان چیرۆکی منداڵان بووینە، بیست و حەوت ( 27 ) پارچە پەخشان، بڵاو کراونەتەوە.

لە ژمارە سەرەتاییەکاندا کەمێک گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ریکلام داوە، دواتر فەرامۆش کراوە، هەر بۆیە دەبینین چەند کورتە ریکلامێک بڵاو کراوەتەوە و دواتر چیتری بە دواوەدا نەهاتووە. گرنگیشی بە چاوپێکەوتن و دیمانە داوە لەو بوارەدا: حەفتا و سێ ( 73 ) دیمانە بڵاو کراونەتەوە کە هەندێکیان بە چەند بەشێک بووە. مخابن لە بارەی دابەشکردن و گونجانەوە کەمێک

هەولنامەی کتێب

بێ سەروبەری پێوە دیارە .. لە هەندێک ژمارەدا هیچ دیمانەیەک بڵاو نەکراوەتەوە، کەچی جاری وا هەبووە لە یەک ژمارەدا زیتر لە دوو دیمانە بڵاو کراوەتەوە. بۆ نموونە: لە ژمارە ( 53 ) دا، پێنج دیمانە بڵاو کراوەتەوە .. لە ژمارە ( 73 ) دا یەک هەواڵ هەیە، کەچی ( 16) بابەتی هەمەجۆر لە هەمان ژمارەدا بڵاو کراوەتەوە، کە ئەوانە جۆرێکن لە نەگونجان ( تەنسیق ) لە نێوان بابەتەکاندا.
جگە لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە ئاماژەمان پێکردن، لە زۆربەی ژمارەکانیشدا وەک پشوویەک، چەندین وردیلە، ( بۆ پێکەنین، مەتەڵ، نامەی منداڵان، ئایا دەزانی؟، یەکتر ناسینی منداڵان و بۆ زانین ...تاد ) بڵاوکراونەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# گۆشەکانی " بێوار "

" **بێوار** " یش وەک هەر بڵاوکراوەیەک لە ماوەی بڵاوبوونەوەیدا کۆمەڵێک گۆشەی جۆر بە جۆری بڵاو کردۆتەوە .. هەندێک لەوانە تایبەت بە نووسەرێک و ئەوانی تریش هەرجارە و نووسەرێک نووسیویەتی. لە رووی ناوەڕۆکیشەوە، هەمە چەشنە بووینە .. لە گۆشەی سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەوە بگرە تا دەگاتە گۆشەی تەنز ئامێز.

هەوڵدەدەین گۆشەکان بەسەر بکەینەوە و هەندێک زانیاری پێویست لە بارەیانەوە بڵاو بکەینەوە:

1) **مانگەکان لە مێژووی کورد دا**: بریتییە لە تۆمار کردنی ئەو رووداوە گرنگانەی کە لە مێژووی کورددا روویانداوە، وەک: کۆچی دوایی شاعیر، هونەرمەند، ناودارانی کورد، پەیمانە نێودەوڵەتییەکان و شۆڕشەکانی کورد و .. تاد. ئەم گۆشەیە ( **هیوا گەردی** ) ئامادەی کردووە. لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە یازدە بەردەوام بووە و دواتر

هەواڵنامەی کتێب

وەستاوە .. لە ژمارە سیدا دووبارە گەڕاوەتەوە و تا ژمارە چل و چوار و دواتریش بەردەوام بووە.

2) **سکاڵای بێوار:** لە ژمارە ( 9 – 10 )، لە دەستە چەپی دوا لاپەڕە بە ستوونێکی نۆ سانتیمەتری ( **رزگار** ) ناوێک یەکەم ئەڵقەی لێ بڵاوکردۆتەوە. بریتییە لە بڵاوکردنەوەی کەم و کوڕییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی و درکاندنی دەردە دڵ. ئەم گۆشەیە تا ژمارە ( 25 ) بەردەوام بووە و هەندێک جار بەبێ واژۆ بڵاوبوتەوە، واتە ناوی نووسەرەکە بڵاونەکراوەتەوە.

3) **شێر و خەت:** گۆشەیەک بوو ( **جەوهەر کرمانج** ) دەینووسی .. تایبەت بوو بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی مانای چەند وشەیەکی کوردی کە جگە لە مانا ئاسایی و ئاشکرایەکەی خۆی، رووی دووەمیان مانایەکی تریش دەبەخشن، نموونەی:

( جاسوس، دز، جاش، دوژمن، ئەنفال و ماستاوچی ... تاد. نووسەری گۆشە، دەربارەی ( ماستاوچی ) دەنووسێت: ماستاو، ماستاوە، ماست و ئاو تێکەڵ دەکرێ، ماستاوچیش بەو کەسە

هەواڵنامەی کتێب

گوتراوە، کاری ماستاوکردن بووە. جاران لە هەموو دێوەخانێکدا یەک کەس بە پیشەی ( ماستاوچی ) دادەمەزرا وەک، قاوەچی و نۆبەتچی مووچەی هەبوو، بەڵام ئێستا ئەم زاراوەیە واتای خۆی کۆنی لە دەستداوە و بە واتایەکی دی بەکار دێ و کەوتۆتە نێو فەرهەنگی زمانیش .. ئێستا واتایەکی نیمچە سیاسی گاڵتەجاڕی بەخۆوە گرتووە، کەسانێک پەیدا بوون پێیان دەگوترێ (ماستاوچی)! ئەوانە ئەو کەسانەن کە مەرایی بۆ لێپرسراو و گەورەکان دەکەن، تەنانەت ئەم زاراوە وا بڵاو بۆتەوە، گەورە لێپرسراوانیش دەزانن کێ ماستاو چیە؟ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە خۆیانیان نزیک دەکەنەوە. یەکەم ئەڵقەی لە ژمارە ( 21 ) دا بڵاو کراوەتەوە. لە هەموو ژمارەکاندا نابینرێت .. بەڵام تا وەستانی ( **بێوار** ) ناوە ناوە بڵاو بۆتەوە.

4) **جیهانی منداڵان**: گۆشەیەک یان لاپەڕەیەک بوو تایبەت بە دنیای منداڵان. لەم گۆشەیەدا، کورتیلە چیرۆک و شیعری بۆ منداڵان نووسراوی تێدا بڵاو دەکرایەوە. یەکەم ئەڵقەی لە لاپەڕە ( 10) ی ژمارە

بیست و یەکدا بڵاوبۆتەوە و تا وەستانی بەردەوام بووە.

5) **وێستگە**: گۆشەیەک بوو، بە هەمان دیزاینی گۆشەی ( **سکاڵای بێوار** )، لە هەمان لاپەڕە و شوێنی ئەو. یەکەم ئەڵقەی لە ژمارە ( 26) دا بڵاو کراوەتەوە. ئەم گۆشەیە تایبەت بوو بە بڵاو کردنەوەی هەموو جۆرە بیروبۆچوونێکی ئازاد لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا .. یەکەم ئەڵقەی واژۆی کەسی بەسەرەوە نیە. لە ژمارەکانی تردا، هەر جارە و نووسەرێک نووسیویەتی .. تا ژمارە ( 67 ) بەردەوام بووە.

6) **فاشیلە فەنی**: گۆشەیەکی تەرفیهی و تەنز ئامێز بوو. یەکەم ئەڵقەی لە دوا لاپەڕەی ژمارە ( 33 ) دا بڵاوبۆتەوە، ناوی هیچ کەسێکی بەسەرەوە نیە، تا ژمارە ( 48 ) بەردەوام بووە، لە ژمارە ( 49 ) دا ناوەکەی گۆڕاوەو بۆتە ( **لە هەر چەمەنێ سەمەنێ** )، تا ژمارە ( 64 – 65 )، ناوی هیچ کەسێکی بەسەرەوە نەبووە، پاش بڵاو بوونەوەی سێزدە

ئەڵقە لەم گۆشەیە تازەیە، لە ئەڵقەی چواردەدا کە لە ژمارە ( 64 – 65 ) دا بڵاوبۆتەوە، نووسەرەکەی خۆی ئاشکرا کردووە کە ( **سەردار دەربەندیخانی** ) یە. ( لە هەر چەمەنێ سەمەنێ ) پاش بڵاو بوونەوەی ( 27 ) ئەڵقە، لە ژمارە ( 80 ) دا وەستاوە.

7) **وەڵامەکانی لالۆ:** یەکەم ئەڵقەی لە لاپەڕە ( 5) ی ژمارە ( 34 ) دا بڵاو کراوەتەوە. خاوەنی گۆشەکە لە یەکەم ئەڵقەدا وەک ڕوونکردنەوەیەک دەڵێت: وەڵامدانەوەی کورتی ( لالۆ ) لەم گۆشەیەدا بە مەبەستی بە ئاگاهێنان و وریاکردنەوەی جەماوەرە لەسەر کەموکوڕییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی. سەرەتای خۆئامادەکردنی ( لالۆ ) ش بۆ ئامادەکردنی ئەم گۆشەیە .. بۆ زەمەنێکی پێشتر دەگەڕێتەوە و بە نامەو تەلەفۆن پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکی کورددا کردووە و پرسیارەکانی وەرگرتووە. چەند نموونەیەک لە پرسیار و وەڵامەکان:

+ چ وڵاتێک دیموکراتی زۆره له ئەوروپا؟
( خ. گەرمیانی )
– لالۆ: ئەو وڵاتەی ( ئاپۆ ) ی وەرگرت !!.
+ دەڵێن له کوردستان هیچ کەموکوڕی و ناڕێکییەک نیه، تۆ دەڵێی چی؟ ( ئازاد زراری )
– لالۆ: له ( سیخورمه ) بپرسه !!.
+ هەر چەند دەکەم دڵم به هەندەران ناکرێتەوە، چی بکەم باشه؟!. ( ش. ک. رانیەیی )
– کلیلەکەی بدۆزەرەوە باشتره.
8) **به دەستمان گەیشت:** له ژماره سەرەتاییەکانەوە، ناوه ناوه، تا وەستانی (بێوار ) به بەدەوامی بڵاو بۆتەوه .. ناوەڕۆکی گۆشەکە بریتی بوو له کورته نمایشێکی ئەو کتێب و گۆڤار و رۆژنامه و بڵاوکراوانه که به دیاری بۆ ( بێوار ) دەنێردران.
9) **ناودارانی کورد:** گۆشەیەک بوو، له ژماره ( 55 ) بەسەرەوە، ناوه ناوه بڵاو دەکرایەوە .. هەر جاره و کورتەی ژیاننامەی کەسایەتی و ناودارێکی کوردی

هەمەڵنامەی کتێب

دەخستە روو، ئەم گۆشەیە لە کەناڵی ئاسمانی ( کوردسات ) ەوە پەخش دەکراو ( **بێوار** ) دووبارە بە ئاماژەکردن بە (کوردسات ) ەوە بڵاوی دەکردەوە.

10) **دوا پەیڤ**: گۆشەیەک بوو پاش وەستانی گۆشەی ( وێستگە ) لە شوێنی ئەو و بە هەمان دیزاینەوە، بڵاو کراوەتەوە. یەکەم ئەڵقەی لە ژمارە ( 68 ) دا بڵاو بۆتەوە.

11) **لێرەو لەوێ**: گۆشەیەک بوو، ( **ئازاد سماقوڵی** ) دەینووسی. یەکەم ئەڵقەی لە ژمارە ( 62–63 ) دا، بڵاوکراوەتەوە. تا ژمارەکانی ( 64– 65 ) و ( 66 ) و ( 67 ) بەردەوام بووە و دواتر وەستاوە.

12) **گەڕۆک و خەمۆک**: گۆشەیەک بوو، یەکەم ئەڵقەی لە ژمارە ( 54 ) دا بڵاو کراوەتەوە. پاش چەند ئەڵقەیەک لە ژمارە ( 57 ) دا وەستاوە.

13) **بورجەکان**: وەک هەر رۆژنامە و بڵاو کراوەیەک، لە (بێوار ) یشدا لە ژمارە ( 67 ) ەوە بڵاوکراوەتەوە و باسی بورج ( کەلوو ) ەکان

دەکات. لە ژمارەکانی ( 69 – 69 ) و ( 70– 71 ) و دواتریێشی دەبینریێت.

14) **پشووی بێوار:** گۆشەیەکی پەخشان ئامێز بوو، (نەسرین عەباس ) دەینووسی، یەکەم ئەڵقەی لە دوا لاپەڕەی ژمارە ( 112 – 113 ) دا، بڵاو کراوەتەوە. دوا ئەڵقەشی لە ژمارە ( 120 – 121 ) دا، بڵاوکراوەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# کاتی دەرچوون و ژمارەی لاپەڕەکانی ( بێوار )

* ژمارە ( 1 )،ساڵی یەکەم، 15 / 08 / 1996 – چوار لاپەڕە.

* ژمارە ( 2 )، ساڵی یەکەم، 15 / 09 / 1996 – چوار لاپەڕە.

* ژمارە ( 3 )، ساڵی یەکەم، 15 / 10 / 1996 – چوار لاپەڕە.

* ژمارە ( 4 )، ساڵی یەکەم، تشرینی یەکەمی 1996 – چوار لاپەڕە.

* ژمارە ( 5 – 6 )، ساڵی دووەم، کانوونی یەکەمی 1996 و کانوونی دووەم – 1997 – چوار لاپەڕە.

* ژمارە ( 7 – 8 )، ساڵی دووەم، شوبات و ئازاری 1997 – شەش لاپەڕە.

* ژمارە ( 9 – 10 )، ساڵی دووەم، نیسان و مایسی 1997 – هەشت لاپەڕە.

* ژمارە ( 11 )، ساڵی دووەم، حوزەیرانی 1997 – هەشت لاپەڕە.

هەواڵنامەی کتێب

* ژمارە ( 12 )، ساڵی دووەم، تەمموزی 1997 – هەشت لاپەڕە.

* ژمارە ( 13)، ساڵی دووەم، 15 / 08 / 1997 – هەشت لاپەڕە.

* ژمارە ( 14 – 15 )، ساڵی دووەم، ئەیلول و تشرینی یەکەمی 1997 – هەشت لاپەڕە.

* ژمارە ( 16 )، ساڵی دووەم، تشرینی دووەمی 1997 – هەشت لاپەڕە.

* ژمارە ( 17 )، ساڵی دووەم، کانوونی یەکەمی 1997 – هەشت لاپەڕە.

* ژمارە ( 18 )، ساڵی دووەم، کانوونی دووەمی 1998 – هەشت لاپەڕە.

* ژمارە ( 19 )، ساڵی دووەم، شوباتی 1998– هەشت لاپەڕە.

* ژمارە ( 20 )، ساڵی دووەم، ئازاری 1998 – دوازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 21 )، ساڵی دووەم، نیسانی 1998– دوازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 22 – 23 )، ساڵی دووەم، مایس و حوزەیرانی 1998– دوازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 24 )، ساڵی دووەم، تەمموزی 1998 – دوازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 25 )، ساڵی سێیەم، 15 / 08 / 1998 – دوازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 26 )،ساڵی سێیەم، 15/ 09/ 1998 – دوازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 27 )، ساڵی سێیەم، 15 / 10 / 1998 – دوازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 28 – 29 )، ساڵی سێیەم، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی 1998 – دوازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 30 )، ساڵی سێیەم، کانوونی دووەمی 1999– دوازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 31 )، ساڵی سێیەم، شوباتی 1999– دوازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 32 ) ، ساڵی سێیەم، ئازاری1999 – دوازدە لاپەڕە.

هەولنامەی کتێب

* ژماره ( 33 )، ساڵی سێیەم، نیسانی 1999–
شازدە لاپەڕە.
* ژماره ( 34 )، ساڵی سێییەم، مایسی 1999 –
دوازدە لاپەڕە.
* ژماره ( 35 )، ساڵی سێیەم، حوزەیرانی 1999
– هەشت لاپەڕە.
* ژماره ( 36 )، ساڵی سێیەم – تەمموزی 1999
دوازدە لاپەڕە.
* ژماره ( 37 )، ساڵی چوارەم، 15 / 08 / 1999
شازدە لاپەڕە.
* ژماره ( 38 )، ساڵی چوارەم، ئەیلولی 1999–
شازدە لاپەڕە.
* ژماره ( 39 )، ساڵی چوارەم، تشرینی یەکەمی
1999 – شازدە لاپەڕە.
* ژماره(40–41)، ساڵی چوارەم، تشرینی دووەم و
کانونی یەکەمی 1999– شازدە لاپەڕە.
* ژماره ( 42 )، ساڵی چوارەم، کانوونی دووەمی
2000 – شازدە لاپەڕە.

هەولنامەی کتێب

* ژماره ( 43 )، ساڵی چوارەم، شوباتی 2000 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 44 )، ساڵی چوارەم، ئازاری 2000 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 45 )، ساڵی چوارەم، نیسانی 2000 – شازده لاپەڕە.
* ژماره (46 – 47 )، ساڵی چوارەم، مایس و حوزەیرانی 2000 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 48 )، ساڵی چوارەم، تەمموزی 2000 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 49 )، ساڵی پێنجەم، 15 / 08 / 2000 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 50 )، ساڵی پێنجەم، ئەیلولی 2000 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 51 – 52 )، ساڵی پێنجەم، تشرینی یەکەم و دووەم 2000 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 53 )، ساڵی پێنجەم، کانوونی یەکەمی 2000 – چوارده لاپەڕە.

هەواڵنامەی کتێب

* ژمارە ( 54 )، ساڵی پێنجەم، کانوونی دووەم 2001 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 55 )، ساڵی پێنجەم، شوباتی 2001 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 56 )، ساڵی پێنجەم، ئازاری 2001 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 57 )، ساڵی پێنجەم، نیسانی 2001 – بیست لاپەڕە.

* ژمارە ( 58 – 59 )، ساڵی پێنجەم، مایس و حوزەیرانی 2001 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 60 )، ساڵی پێنجەم، تەمموزی 2001 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 61 )، ساڵی شەشەم، ئابی 2001 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 62 – 63 )، ساڵی شەشەم، ئەیلول و تشرینی یەکەمی 2001 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 64 – 65 )، ساڵی شەشەم، تشرینی دووەم و کانوونی ئەکەمی 2001 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 66 )، ساڵی شەشەم، کانوونی دووەمی 2002 – شازدە لاپەڕە.
* ژمارە ( 67 )، ساڵی شەشەم، شوباتی 2002 – شازدە لاپەڕە.
* ژمارە ( 68 )، ساڵی شەشەم، ئازاری 2002 – شازدە لاپەڕە.
* ژمارە ( 69 )، ساڵی شەشەم، نیسانی 2002 – شازدە لاپەڕە.
* ژمارە ( 70 – 71 )، ساڵی شەشەم، مایس و حوزەیرانی 2002 – شازدە لاپەڕە.
* ژمارە ( 72 )، ساڵی شەشەم، تەمموزی 2002 – شازدە لاپەڕە.
* ژمارە ( 73 )، ساڵی حەوتەم، ئابی 2002 – شازدە لاپەڕە.
* ژمارە ( 74 – 75 )، ساڵی حەوتەم، ئەیلول و تشرینی یەکەمی 2002 – شازدە لاپەڕە.
* ژمارە ( 76 )، ساڵی حەوتەم، تشرینی دووەمی 2002 – شازدە لاپەڕە.

هەواڵنامەی کتێب

* ژماره ( 77 )، ساڵی حەوتەم ، کانوونی یەکەمی 2002 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 78 – 79 )، ساڵی حەوتەم ، کانوونی دووەمی شوباتی 2003 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 80 )، ساڵی حەوتەم ،مارتی 2003 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 81 – 82 )، ساڵی حەوتەم ،نیسان و مایسی 2003 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 83 )، ساڵی حەوتەم ،حوزەیرانی 2003 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 84 )، ساڵی حەوتەم ،تەمموزی 2003 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 85 )، ساڵی هەشتەم ،ئابی 2003 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 86 – 87 )، ساڵی هەشتەم ،ئەیلول و تشرینی یەکەمی 2003 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 88 )، ساڵی هەشتەم ، تشرینی دووەمی 2003 – شازده لاپەڕە.

هەواڵنامەی کتێب

* ژمارە ( 89 )، ساڵی هەشتەم،کانوونی یەکەمی 2003 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 90 – 91 )، ساڵی هەشتەم،کانوونی دووەم و شوباتی 2004 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 92 )، ساڵی هەشتەم،ئازاری 2004 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 93 )، ساڵی هەشتەم،نیسانی 2004 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 94 )، ساڵی هەشتەم،مایس 2004 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 95 – 96 )، ساڵی هەشتەم،حوزەیران و تەمموزی 2004 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 97 )، ساڵی نۆیەم، 15 / 08 / 2004 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 98 – 99 )، ساڵی نۆیەم،ئەیلول و تشرینی یەکەمی 2004 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 100 )، ساڵی نۆیەم،تشرینی دووەمی 2004 – شازدە لاپەڕە.

هەواڵنامەی کتێب

* ژماره ( 101 )، ساڵی نۆیەم،کانوونی یەکەمی 2004 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 102 – 103 )، ساڵی نۆیەم،کانوونی دووەم و شوباتی 2005 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 104 )، ساڵی نۆیەم،ئازاری 2005 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 105 – 106 )، ساڵی نۆیەم،نیسان و مایسی 2005 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 107 – 108 )، ساڵی نۆیەم،حوزەیران و تەمموزی 2005 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 109 )، ساڵی دەیەم،ئابی 2005 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 110 – 111 )، ساڵی دەیەم،ئەیلول و تشرینی یەکەمی 2005 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 112– 113 )، ساڵی دەیەم،تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی 2005 – شازده لاپەڕە.
* ژماره ( 114 – 115 )، ساڵی دەیەم،کانوونی دووەم و شوباتی 2006 – شازده لاپەڕە.

* ژمارە ( 116 – 117 )، ساڵی دەیەم،ئازار و نیسانی 2006 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 118 – 119 )، ساڵی دەیەم، مایس و حوزەیرانی 2006 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 120 – 121 )، ساڵی یانزەهەم، تەمموز و ئابی 2006 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 122 – 123 )، یانزەهەم ،ئەیلول و تشرینی یەکەمی 2006 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 124 – 125 )، ساڵی یانزەهەم، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی 2006 – شازدە لاپەڕە.

* ژمارە ( 126 – 127 )، ساڵی دوانزەهەم، ئاب و ئەیلولی 2007 – شازدە لاپەڕە.

---

# راستکردنەوەیەک

لە دانانی زنجیرەی ژمارەکاندا، لەسەر بەرگی ژمارە ( 70 – 71 ) دا بە هەڵە ( 71 – 72 ) نووسراوە .. بەڵام لە لاپەڕەکانی ناوەوەدا راستییەکەی نووسراوە ( 70 – 71 ) بووە. لە ژمارە ( 72 ) دا، روونکردنەوەیەک هەیە و تێیدا هاتووە، ئاگاداری خوێنەرانی خۆشەویست دەکەین کە بە هەڵە ژمارەی ( 72 – 71 ) لە لاپەڕەی یەکەمی ( **بێوار** ) ی مانگی رابردوو نووسراوە. راستییەکەی ژمارە ( 70 – 71) بوو .. بۆیە داوای لێبووردنتان دەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

## ئابوونەی ( بێوار )

تا بڵاوبوونەوەی ژمارە هەشتیش باسی ئابوونە نەکراوە. لە ژمارە ( 9 – 10 ) دا لە دوا لاپەڕە، بەشداری ساڵانەی ( بێوار ) دەستنیشان کراوە کە بەم شێوەیەیە: ناو هۆڵەندا: ( 25 ) خڵدن .. بۆ ئەوروپا: ( 20 ) دۆلار، تا ژمارە ( 63 )، بەشدار بوونەکە بەردەوام بووە. لە ژمارە ( 64 – 65 ) ەوە، بەمجۆرە دیاریکراوە: بۆ ناو هۆڵەندا: ( 40 ) خڵدن و بۆ ئەوروپا ( 35 ) دۆلار و دەرەوی ئەوروپا ( 40 ) دۆلار. پاش یەکبوونی دراوی ئەوروپا و بوون بە (یۆرۆ )، ئابوونەکەش لە ژمارە ( 66 ) دا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ناو هۆڵەندا: ( 25 ) یۆرۆ، ناو ئەوروپا: ( 40 ) یۆرۆ و ( 45 ) دۆلار بۆ دەرەوەی ئەوروپا.

## هەندێک وردە سەرنج

جگە لەو باسانەی کە وەک عینوان فەرعی باسم کردن، کۆمەڵێک وردە سەرنجی تر لە بارەی ( **بێوار** ) ەوە دەخەینە روو.

* لە ژمارە ( 13 ) ەوە دیزاینی لاپەڕەی یەکەمی ( **بێوار** ) بەم شێوەیە بووە: لە ناوەڕاستی سەرەوەدا، ئارمی ( **بێوار** ) بە پیتی ئارامی و لە ژێرەوەش بە پیتی لاتینی نووسراوە. لە دەستە ڕاستی ئارمەکەدا ئەدرەسی ( **بێوار** ) کە بەم شێوەیەیە:

هەواڵنامەی کتێب

**Bewar**

Postbus: 3029

3003 AA Rotterdam

Holland

لە دەستە چەپی ئارمەکەشدا، لە جیاتی شیعری شاعیران، ناوەڕۆکی ژمارە نووسراوەتەوە.

* چەشنی ئەو کاغەزەی ژمارەکانی ( **بێوار** ) پێ چاپکراوە، هەشتا گرامی بووە، تەنها ژمارە ( 61 ) نەبێت کە کاغەزی نەوەت گرامییە. بۆ نووسینەکانیش تەنها رەنگی رەش و سپی بەکار هاتووە. جگە لە لاپەڕە یەک و شازدەی ژمارە ( 61 ) نەبێت کە مانشێت و ناونیشانەکان رەنگاوڕەنگن.

* لە ژمارە ( 49 ) بە دواوە تا وەستانی، لاپەڕەیەک بە ناوی ( **ژن و ژیان** ) بۆ ئافرەتان تەرخان کراوە، کە خاتوو ( **پەیمان سەرهەنگ** ) خێزانی ( **هیوا سەرهەنگ** ) سەرپەرشتی ئەو لاپەڕەی کردووە.

* تەواوی ژمارەکانی ( **بێوار** ) بە زمانی کوردی (کرمانجی خواروو – رێنووسی ئارامی ) دەرچوو. تەنها لە ژمارە ( 80 ) دا، یەک لاپەڕە کە ئەویش لاپەڕە ( 8 ) ە، بابەتێکی بە زمانی هۆڵەندی بڵاو کردۆتەوە. دوای ئەوە چیتر زمانی هۆڵەندی لە ( **بێوار** ) دا نابینرێت.

هەواڵنامەی کتێب

* لە ژمارە ( 1 – 13 ) لە دەستە چەپی لاپەڕە یەکدا بۆکس ( لاکێشەیەک هەیە و یەک دوو دێڕی شاعیرانی کوردی تێدا بڵاوکراوەتەوە .. لەمە بەدواوە هەر لەو بۆکسە، لە جیاتی دێڕە شیعری شاعیران، ناوەڕۆکی ( **بێوار** )، بڵاوکراوەتەوە.

* لە ژمارە ( 1 – 13 ) زۆر بە دەگمەن کاریکاتێر دەبینرێت، لە دوای ئەوە گرنگی بە بڵاو کردنەوەی دراوە.

* سەرپەرشتکاری ( **بێوار** ) کە کۆنە کادیر و پێشمەرگەیەکی( یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) ە و ئێستاکەش هەر لەسەر هەمان ڕێباز درێژە بە خەباتە سیاسییەکەی دەدات .. لەگەڵ ئەوەشدا لە بڵاوکردنەوەی ( **بێوار** )دا، سیاسەتێکی دروست و حەکیمانەی پەیڕەوکردوە، لە خوێندنەوەی سەرجەم ژمارەکانیدا، خوێنەر زۆر شارەزا نەبێت، هەست بەوە ناکات کە ئەو کەسە ئەندامی یەکێتی یە.

( **هیوا سەرهەنگ** )، زۆر بە تەنگ ئاشتی و ئاشتبوونەوە و یەکبوونی ماڵی کوردەوە بووە. لە کاتێکدا کە ( یەکێتی و پارتی )، پەیوەندییەکانیان

هەواڵنامەی کتێب

لەوپەڕی گرژی و ئاڵۆزیدا بوو، بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنەکانی سەر بەو دوو لایەنە زێتر خەریکی خەریکی خۆشکردنی لێکترازانی ناو ماڵی کورد بوون، ( **بیۆار** ) بە زمانی گوڵ بابەتەکانی بڵاو دەکردەوە.

زۆربەی مانشێتەکانی لەسەر ئاشتی و پڕۆسەی ئاشتبوونەوە بووە .. هەواڵی وای بڵاو نەکردۆتەوە کە قەوارەی درزەکان گەورەتر بکات. بە کورتی ( **بیۆار** ) بڵاوکراوەیەک بووە لە خەمی ئاشتی و تەبایی و پێکەوە ژیاندا بووە. گەر ڕۆژێک دابێت، دادگایەک بۆ دادگاکردنی میدیاکانی هەردوو لایەن دابنرێت کە دەستیان هەبووە لە خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکی، دەبێت ڕۆڵی ئاشتیخوازانەی ( **بیۆار** ) فەرامۆش نەکرێت.

* لە دوا ژمارەدا، لە ڕووی فرە بابەتییەوە زۆر هەژارە، نیشانەی داخستنی پێوە دیارە .. حەوت مانگ پاش دەرچوونی ژمارە ( 124 – 125 )، ئینجا ژمارە ( 126 – 127 ) دەرچووە، ئیتر

هەواڵنامەی کتێب

وەستاوە. هیچ ئاماژەیەک بە هۆکاری وەستانی نەکراوە.

* ژمارەی بەختی ( بەندە ) ش لە ( **بێوار** ) دا ( 13 ) بووە .. هەرچەندە پێچەوانەی دیاردە باوەکە، کە ( 13) ژمارەیەکی شوومە. ماوەیەک لەمەوبەر بابەتێکی ڕێک پێچەوانە لەسەر ژمارە سێزدەم خوێندەوە کە گوایا ئەم ژمارەیە، ژمارەیەکی باشە.

یەکەم بابەتم لە ژمارە ( 13 ) ی ( **بێوار** ) دا بڵاو کردۆتەوە .. تا وەستانیشی ( 13 ) بابەتم تێدا بڵاو کردۆتەوە. نەک هەر لە ( **بێوار** )، لە قۆناغەکانی دیکەی ژیانیشمدا ژمارە (13)، هاوڕێی من بووە .. لە پۆلەکانی خوێندندا، لە زنجیرەی ناوی خوێندکاراندا،زنجیرەی ژمارە ( 13 ) بەر ناوی من کەوتووە .. کاتی خۆیشی لە مانگنامەی ( **سەکۆ** ) شدا، ( 13 ) بابەتم لەوێدا بڵاو کردەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، باوکی ڕەحمەتیم لە دایکبووی ساڵی ( 1913 ) بووە.

لەگەڵ ئەو هاوڕێیەتییە نزیکەی کە لەگەڵ ژمارە ( 13 ) دا هەمە .. بەش بە حاڵی خۆم زۆر لە شانس و بەختی خۆم رازیم.

هەواڵنامەی کتێب

## چاپکراوەکانی ( بێوار )

**بێوار** .. هەرچەندە لە رووی مادییەوە، دەست کورت و هەژار بووە، لەگەل ئەوەشدا ئەگەر بە شێوەیەکی سادە و خاکییانەش بێت .. ناوە ناوە، چەند نامیلکەیەکی بڵاو کردۆتەوە، کە هەندێک لەو کتێب و نامیلکانە، لە کاتی خۆیاندا بە زنجیرە لە ( **بێوار** ) دا بڵاوکراونەتەوە.

لە تەمەنی خۆیدایشەش نامیلکەی بڵاوکردۆتەوە کە پێنجیان لەبەر دەستی ئێمە دان، تۆماریان دەکەین:

1) **گوڵ و ئاوارەیی، بافڵ سەرهەنگ**، شیعر– 1998.

2) **سێ وتار، محەمەد جەزا بەرزنجی** – 1999.

3) **چرپە** ، **محەمەد جەزا بەرزنجی**، شیعر – 1999.

4) **خەرمانی خەم**، **خاڵە بەکر**، شیعر – 1999.

5) **گەشتی رۆژنامەوانێکی کورد بە ئەمەریکای لاتیندا**، **سالار حەمەسوور باسیرە** – 2000.

ئەوەی من ئاگادار بم دوا نامیلکەش ( **کورد لە پاکستان** )، **عەلی بچکۆل**، بووە.

## کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر:

1 – پەردەی شەرم، شیعر، سلێمانی، 1982.

2 – کەڵەشێری سپی و کەڵەشێری رەش، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، بەغدا، 1988.

3 – تەکان، شیعر، بەغدا، 1990.

4 – رۆڵی ئەدەب لە شۆڕش و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە ناوی خواستراوی ( ب – دەوەن ) بڵاوکراوەتەوە، هەولێر 1991.

5 – بیبلۆگرافیای رۆژنامەگەریی کوردی لە نێوان ( 1975 – 1993 )، هەولێر، 1998.

6 – کاردۆ گەلاڵی نووسەر و پارێزەر و سیاسەتمەدار، هەولێر، 1998.

7 – دەروازەیەکە بۆ ناسینی ( سمایلە باشە ) ی شاعیر، هەولێر، 2000.

8 – چەند پووشێک بۆ ( هێلانەیەکی تر )، کۆمەڵە بابەتێکی ئەدەبی و رەخنەییە، هەولێر، 2000.

هەواڵنامەی کتێب

9 – سەفەری رەش،کۆژانی دەربەدەری و ئاوارەییە، هەولێر، 2002.

10 – بەسەرکردنەوە، 24 بابەتی ئەدەبی و رۆشنبیرییە، هەولێر، 2005.

11 – بزربوونی ناوی کوردی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، لێکۆڵینەوە، هەولێر، 2008.

12 – مزگەوتەکانی رۆژئاوا، لێکۆڵینەوە، هەولێر، 2008.

13 – بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی لە ئەڵمانیا ( 1963 – 2006 )، هەولێر، 2010.

14 – هەژان، شیعری بەرگری، هەولێر چاپی دووەم، 2011.

هەواڵنامەی کتێب

# (Bêwar)êk
# Le Awareyida

هەواڵنامەی کتێب

Ismail Tenya

Holland - 2012